# شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان سەردانی حزبی رزگاریی کوردستان دەکات



کــــــاتژمێر 11ی رۆژی چوارشەممە، رێککەوتی 27-10-2010 شـــاندێکی بـــــالاّی ســەرکردایــەتــی بزووتنــەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان مام خدر روسی سکرتێری گشتی، خەلیل باپیر، خەلیل مەحمود، نەهرۆ جەلال عالایی و قەهار محەمەد ئـەنـدامانی مـەکتـەبی سیاسـی سـەردانی بارەگای مـەکتـەبی سیاســـی حزبـــی رزگـــاریی کوردســـتانیان کـردو لــەلایــەن هەڤالاّن رێکار ئەحمەد سکرتێری گـشتی و مامۆســتا محـەمـــەد سلێمان، ج.کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مـەکتـەبی راگـەیاندن پێـشوازیان لێکـرا. ئـەوسـا لــە دیدارێکی برایانەدا باس لە دواین گۆڕانکاریــەکــانی رەوشـــی هـــەنووکـــەیـــی باشـــووری کوردســـتان و عێـــراق کـــرا، هـەروەهـا سـەبارەت بە پرۆژە یاساسی بودجەی حزبەکان کە لـەنێو پـەرلـەمـانی کوردستاندا گفتوگـــۆی لــــەســـــەر دەکـــرێ بیروراگۆڕدرایـــەوە، هـــەردولا هاوڕامـــان بـــوون و هیوایـــان خواســـت کـــە بودجـــەی حزبـــە سیاسیەکان بە یاسایی بکرێ و چیتر مەیل و نزیکایەتی نەکرێتە پێوەر بۆ پێدانی بودجە بە حزب و رێکخراوە سیاسیەکان.

لـەتـەوەرێکـی دیکـەدا باس لـە دابـــڕان و هـــاوێربوونی نێـــوان لایـەنـە سیاسـیەکـان کـراو بـە خـــاڵێکی نـــەرێنـــی لێکدرایـــەوە، هــەروەهـــا بـە زیـان بــۆ بزاڤـی کوردایـەتـی داندرا، چونکـە بـەو پچڕبـــوون و دابڕانانـــە لایــەنـــە سیاســـیەکـــان لاواز دەبـــن و دڕودۆنگـــیش لـــەنێـــوان هاوسەنگەرانی پێشوودا دروست دەبێ.

هــەڤــالاّنی حزبـــی رزگـــاریی کوردســـتان وێـــڕای ئـــەوەی سوپاسی شاندی میوانیان کرد بۆ سەردانەکەو جەختیان لەسەر بـــەردەوامـــی و گـــەشـــەپێـــدانی پەیوەندی نێوان هەردوو حزبی رزگــــاری و بزووتنــــــەوەی دیمـــوکراتی گـــەلـــی کوردســـتان کـــردوە، قۆناغـــەکـــانی خـــەبـــاتی هاوبەشیان لە لیستی ئازادی و عـــەدالـــەتـــی کۆمـــەلاّیـــەتـــی وەبیرهێنایــــەوەو و هیوایـــــان خواســـت کـــە لـــە داهاتووشـــدا بتوانرێ کارو چالاکی هاوبەش ئەنجام بدرێن و یەکڕیزی نێوان حزب و لایەنەکانی کوردستان پتەوو بەهێزبکرێت.

# سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی سەردانی حزبی رزگاری دەکات

کـــــاتژمێر 10ی رۆژی 23-10-2010 بەڕێز کاک ئەمیری قازی سـەرۆکـی پارتی سـەربـەخـۆیی کوردســـتان ســـەردانـــی بـارەگـــای مـەکتـەبی سکرتاریەتی حزبمـان، حزبی رزگاریی کوردستانی کردو لـەلایـەن هـەڤالّ رێکـار ئـەحمـەد ســـکرتێری گـشتی و کـــاک ئـاکۆ عـەبدولمـەجید ئـەندامی مـەکتـەبی سکرتاریەت بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرا.

لـە دیـدارێکی برایانـەدا باس لـە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا، هەروەها رێزدار کاک ئەمیری قازی لـەلایـەن خۆیـەوە پێـوەنـدی نێـوان حزبی رزگاری و پارتی سـەربەخۆیی کوردستانی بە گرنگ و پێویست و بایەخدار لەقەڵەم داو هیوای خواست کـە ئـەو پێـوەندیـە گـەشـەی زیـاتر پێبـدرێ.هـەروەهـا هـەڤـالّ رێکـار ئـەحمـەد بـەناوی حزبـی رزگاریـەوە سوپاسی کاک ئەمیری کردو جەختی کردەوە کە وەک هەمیشە پێـوەندی نێـوان هـەردوولا بـە پێشکەوتوویی دەمێنێتەوەو هەوڵی راشکاوانەش بۆ بـەرەوپێـشەوەبردن و گـەشـەپێـدانی بەردەوام دەبێت.

# داوای زیندووکردنەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆم دەکرێ

ژمـارەیـەک لـە لاوانـی دەڤـەری راپـەڕیـن داوا دەکـەن کـە جـارێکی دیکە بزووتنەوەی ریفراندۆم زیندوو بکرێتەوە، ئەو گەنجانە لە ئاگاداری نامـەیـەکدا کـە دانـەیـەکی بۆ رۆژی گـەل رەوانـە کـراوە، نووسـیویابە: (ئێمـە وەک بـەشێک لـە گـەنجان و رۆژنامەنوسان و رۆشنبیرانی شاری رانیـــــە و دەوروبـــــەری، بـــــە لێوردبونەوەمان لە رەوشی سیاسی عێراق و ئەو پیلانانەی لە بەرامبەر کـــورد دەکـــرێن، وەک هــــەوڵـــدان بۆلابردنی خانەی نەتەوە لە فۆڕمی ســـەرژمێری و ســـەرهـــەڵدانـــەوەی شـــالاّوی تـــەعریـــب لـــە ناوچـــە جێناکۆکـەکـان و پـشت گوێخـستنی خواسـتەکـانی خـەڵکـی کوردسـتان لــــــەلایـــــــەن ئـــــــەمریکـــــــاو نـەتـەوەیـەکگرتـووەکـان. جگـەلـەوە بەئاشکرا هەستدەکەین هەوڵدەدرێت پرســی مـــافی چـارەی خۆنوســینی کورد بەشتی لاوەکی و دەستکەوتی بچـوک لـەبیر خـەڵکی کوردسـتان ببرێتەوە.

بۆیـــە ئێمـــە پێـــشنیار دەکـــەیـــن جـــارێکی تـــر ســـەرکردایـــەتـــی بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان بێتـەوە مـەیدان و دەستبەکارەکانی خــۆی بکاتــەوە، چونکــە دۆخــی سیاســی و نــەتــەوەیــی کوردســتان پێویستی بـەڕێکخستنەوەیـەکی لـە چەشنی بزوتنەوەی ریفراندۆمە.

جێـی ئامـاژەیـە لـەوەتـەی پیلانـی رەگــەزپــەرســتانی عـــەرەب بـــۆ وەدەرنـانی کـورد لـە جێناکۆکـەکـان ئاشـکرابووە، بـەتایبـەتیش لـەوەتـەی راگەیاندنەکان وەدەرنانی 20 هـەزار کوردیـــان لــــە پارێزگـــای دیـــالا راگەیاندوە، کوردستانیان هەست بە نیگەرانی دەکەن و دەیانەوێ لەرێی ریفراندۆمـەوە کێـشەکـە یـەکلایـی بکرێتەوە.

# سکرتێری حزب سەردانی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف دەکات



کاتژمێر 17ی رۆژی چوارشەممە رێکـەوتـی 27-10-2010 هـەڤـالّ رێکـار ئـەحمـەد سـکرتێری گـشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان بە یاوەری هەڤالّ نزار محەمەد لە شـاری سـلێمانیدا سـەردانـی مـالّی مامۆستا عـەبـدولڕەقیـب یوسـف، نووســــــەرو مێژوونـــــــووس و شـوێنەوارپـارێزی کـردو لـە هـەوالّی تـەندروستی پرسـی و هیوای چاک بوونـــەوەی بـــۆ خواســـت، چونکـــە ماوەیەک لەمەوبەر لە ئاکامی گەڕان بـــە دوای شـــوێنەواردا ئـــازاری پێگەیشتبوو.

هـــەڤالّ سـکرتێری گـشتی حزب تێکۆشـان و مانـدووبوونی مامۆسـتا عەبدولڕەقیب یوسفی بەرزنرخاندو جەختی کردەوە کە بەهۆی نووسین و کارەکانیەوە خزمەتێکی گەوەرەی بــە گـــەلـــی کوردســـتان کـــردوە، نەوەکانی داهاتوو دەرس و پەند لە کـــارەکـــانی ئـــەو وەردەگـــرن و شوێنپێی ئەو هەڵدەگرنەوە.

هەروەها مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لـەلایـەن خۆیـەوە سوپاسی هەڤالّ رێکار ئەحمەدی کرد بۆ ئەو بەسەر کردنەوەیەو هیوای خواست کـە رۆژنامـەنـووس و نووسـەرو مێژوونووسان زیاتر خۆیان ماندوو بکـەن هـەتـا کولتـورو مێـژووی نـەتـەوەی خۆیان تۆماربکـەن و بە دیترانی بناسێنن.

جێـی ئامـاژەیـە کـە مامۆسـتا عـــەبـــدولڕەقیـــب یوســـف وەک خـــەمخـــۆرو ارێـــزەرێکـــی شـــوێنەوارەکـــانی کوردســـتان ناسراوە، چونکە زۆر سەرسەختانە داکۆکی لە شوێنەوارەکان کردوەو هـەوڵـی داوە کـە ئـەو شـوێنەوارانـە دەستیان لێنەدرێ و تێکنەدرێن، بەو هۆیـەشـەوە رکابـەرایـەتـی زۆری لـەگـەڵ بـەرپرسـان کردوەو خـۆی دووچاری کێشەو گرفت کردۆتـەوە، بەلاّم ئەو خۆنەویستانە پارێزگاری لە شوێنەوارە مێژوویەکان دەکات.

# قاسماغا کێشەی خێزانیشی بۆ دروست دەبێت

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی قاســم ئاغــا کــە هاتنـــەوەی بـــۆ کوردستان و مشتومڕێکی گـەرمی لەنێوەندەکانی کوردستاندا دروست کـردوە، بـە هـەفتـەنامـەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند، وێڕای ئەوەی کە خەڵکی دەڤەری کۆیەو بنەماڵەی شەهیدەکان داوای دەســـتگیرکردنی دەکـــەن و کەمپینیان لەدژدا پێکهێناوە، ئێستا کێشەی خێزانیشی بۆ دروست بووە، خزم و کەسانی دووەمین هاوسەری قاسـم ئاغـا داوایـان لـە کچـەکـەی خۆیـان کـردوە کـە لێـی جیابێتـەوە، چونکـــە بـــەوهۆیـــەوە ناوبانگیـــان زڕاوەو وەبـــەر تـــوانجی خـــەڵـــک کەوتوون.

سـەرچاوەکە جەخت دەکاتەوە کە دووەمـــین هاوســـەری قاســـم ئاغـــا لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەری دەڤەری کۆڕێیـــــە و کـــــاتی خـــــۆی بـــــۆ رزگـارکردنی گیـانی برایێکـی کـە لـە زینـدانی بـەعس دا گیرابـوو، سـزای لــەسـێدارەدانـی بـۆ دەرچووبـوو، ئامـادەبـووە شـوو بـە قاسـم ئاغـا بکات.

سـەرچاوەکە دەڵێ، ئەو کات قاسم ئاغـا بـۆ رازیکردنـی دڵـی کچـەکـە تـوانی گیـانی ئـەو تێکۆشـەرە رزگـار بکات، بەلاّم دواتر ئەو تێکۆشەرە کە ناوی (س.ت) بوو، پێشمەرگە بوو لـەگـەڵ پێشمەرگـەیـەکی دیکـە بـە نـاوی (ف.ڕ) لـــە ســـاڵی 1985 لەلایەن هێزەکانی رژێمی بـەعس بـەدیـل گیـران و هـەردوکیـان لـە سێدارەدران.

سـەرچاوەکە جـەخت دەکاتـەوە کـە هاوسـەری دووەمـی قاسـم ئاغـا کـە خوشکی شـەهیدێکە زۆر لـەو ژیانـە بێـــزارە، چونکـــە لـــەلایـــەکـــەوە نـــارەزایـــەتـــی و کـــەمپینی خـــەڵـــک پێکهێنـراوە، لـەلایـەکـی دیکـەشـەوە گوشـاری بنـەماڵـەکـەیان لـەسـەری توونـدتر بۆتـەوەو داوای لێدەکـەن کـە کۆتایی بە ژیانی هاوسەرێتی بهێنێ و لێی جیابێتەوە.

# سەرکەپکان: کارەبا 2 گەنج دەکوژێ

رۆژی 28-10-2010 دوو برا بـەنـاوەکـانی (**هۆ.حەسەن وع.حەسەن**) دانیشتووی گوندی نۆڕێ، سـەربـە ناحیـەی سەرکەپکان، بەهۆی شۆرتی کارەباوە گیان لەدەست دەدەن و منداڵێکیش بە سەختی بریندار دەبێ. دانیشتوانی گوندەکە لایەنی پەیوەندار بەکەمتەرخەم دادەنێن و دەڵێن؛ بەهۆی ئەوەی لە شەقامی گشتیەوە بۆ ماڵەکان تاوەر نەبووەو کێبڵەکان بەناو رەزو باخەکاندا بەسەر لقی درەختەکانەوە راکێشرابوون، بەهەوهۆیەوە شۆرتی لێپەیدا بووەو ئەو دوو گەنجەی کردۆتە قوربانی.